# پێویستە پیاوان بەشێک لە ئەرکی ماڵەوەی ژنەکانیان کەم بکەنەوە

نهێنی خێزانی بەختەوەر لەوەدایە کە هەر تاکێکی ناو خێزان هاوکاری یەکتر دەکەن، بەڵام لە رۆژێکی وەکو ئەمرۆ ئافرەتان ئەرکیان زۆر قرسترە لە ئەرکی پیاوان . لەبەرئەوەی لــە رۆژێکدا کاری دەرەوەو ماڵەوە ئەنجامــدەدات، بۆیە پێویســتە پیاوانیش هۆکارێك بن بۆکەمکردنەوە ئەرکی ئافرەتەکانیان.

**لەگەڵ هاوسەرەکەم هەموو کارەکان بەیەکەوە ئەنجام دەدەین**

ڤیــان عەبدوڵلا ئافرەتێکی تەمەن ٣٧ســاڵە ١١ ســاڵە ژیانی هاوســەرگیری پێك هێناوە ئێســتا خــاوەن ٣ منداڵە دەڵێت» ئەوکاتانەی لەماڵ نەبم هاوسەرەکەم لە ماڵە، ئێمە هەردووکمان مامۆستاین و دەوامەکەمان پێچەوانەی یەکترە، خۆمان ئەو جۆرە دەوامەمان هەڵبژاردووە بۆ ئــەوەی ئەوکاتــەی مــن لــە ماڵەوە نەبم، مێردەکــەم ئــاگاداری ماڵــەوەو منداڵــەکان بێــت « ئــەو ئافرەتــە بــاس لەوە دەکات کە لەگەڵ مێردەکەی بەو جۆرە تەواوکەری یەکترن و ژیانیان زۆر بە خۆشــی دەچێتە ســەر رۆژانە زۆر شــانازی بە هاوسەرەکەشــی دەکات کە توانیویەتی یارمەتــی بدات لەو کاتانەی ئەو لــە دەرەوەیە بۆ پەیدا کردنی بژیوی ژیانیان، ئەوە هاوسەرەکەی لە ماڵەوە هاوکاری دەکات و کارەکان جێبەجێ دەکات».

**ژنەکەم پێوست ناکات ئەرکی دەرەوە بخاتە سەرشانی خۆی**

نــەوزاد مەحمود ئیبراهیم تەمەنی ٢٨ ســاڵە ٥ ســاڵە ژیانی هاوســەریی پێکهێناوەو خاوەن دوو منداڵە ئەو پیاوە دەڵێت» من پیشــەم کاســبە و هاوسەرەکەشم فەرمانبەرە هەرچەندە ئەو کاتانەی ئەو دەچێتە دەرەوە من لە ماڵ نیم، بەڵام ئەگەر لە ماڵیش بم هەرگیز ناتوانم هەســت بەو ئەرکە بکەم کە ئافرەتەکەم هەستی پێدەکات. بۆ کاروباری ناو ماڵ لەڕاستیدا چەندین جار پێم وتووە واز لە دەوام کردن بهێنە من پێویستم بەو برە پارەیە نییە کە تۆ بە مووچەی مانگانە هەتە، وەرە لەلای منداڵەکانت دانیشــەو بۆ خۆت خەریك بە بەکاری ناو ماڵەوە خــۆت بە بۆ ئەو برە پارەیە ماندوو مەکە. چونکە ئەو شەوان پێش ئەوەی بخەوێت ماڵ پاك دەکاتەوەو چێشــت ئامــادە دەکات بۆ ئەوەی کەنیــوەرۆ هاتەوە چێشتی حازربێت و دووکورەکەشی دەباتە ماڵی باوکی لەڕاستیدا من پێموایە ئەو ئافرەتە ئەوەنــدە خۆی هیلاك دەکات ئەوەنــدەی بۆ قەرەبــوو ناکرێتەوە تەنیا مووچەیەکی کەمی هەیە، بۆیە من پێم زوڵمە ئافرەتێــك بــەو هەموو زەحمەتیەوە کاری ماڵ و دەرەوەشی لەسەربێت».



**یارمەتی ژنەکەم دەدەم، بەمەرجێك لە سنوور لانەدات**

رێــکان هەولێری کــورە گەنجێکــی دەرچووی پەیمانگای تەکنیکیە، ژیانی هاوســەرگیری پێك نەهێناوەو دەڵێت» زۆرئاساییە بەلامەوە کەمن ژیانی هاوسەرگیری پێك بێنم و یارمەتی هاوسەرکەم بدەم، من چەندینجــار بەخۆم خواردنم بــۆ خۆم ئامادە کــردووەو بۆیە لە داهاتوو ئامــادەم لەو کاتەی کە ژنەکەم پێویســتی بوو یارمەتی دەدەم و کارەکانی بۆ ئاســان دەکەم چونکە ئەوە ئەرکی پیاوە ئەگەر لەو کاتەی ژن پێویســتی بوو پیاو یارمەتی بدات و بەڵام لە ســنووری خۆی لانەدات و ئەو ئافرەتە هەموو کارێك بە مێردەکــەی بکات» ئەو گەنجە پێیوایە بەرێوەبردنی بەشــێك لــە کارەکانی ناوماڵ لەسەر پیاو پێویستە لە کاتێکدا ئەگەر ئەو ئافرەتە بەشێك لە کاری دەرەوەی کەوتوتە ئەستۆ و یارمەتی مێردەکەی دەدات».

**تۆ ئافرەتیت و پێویستە کاری ماڵەوە ئەنجام بدەیت**

رێژنە لوقمان کچێکی تەمەن ٢٠ ســاڵە و قوتابییە ئێســتا مارە براوەو دەڵێت» دەسگیرانەکەم هەر لە ئێســتاوە دەڵێت من هیچ لە کاری ئافرەتان نازانم، دەبێت خۆت هەمــوو کارەکان جێبەجێبکەیت و ئەوە کێشەی من نییە تۆ کاری دەرەوەش دەکەی، گرینگ ئەوەیە تۆ وەکو وەك ئافرەتێك کاری ناوماڵ هەمووی ئەنجام بدەیت، هیوادارم پیاوەکانیش لەوە تێبگەن کە پیاوو ئافرەت تەواوکاری یەکترن، پێویستە لە هەموو بوارێکی ژیان هاوکاری یەکتر بکەن».

**پێویستە کوڕ لەمنداڵییەوە فێربکرێت یارمەتی دایکی بدات**

توێژەری کۆمەڵایەتــی بەهزاد محەمەد باس لەوە دەکات کــە کۆمەڵــگای ئێمە لەبــەر ئەوەی هەر لە ســەرەتاوە رۆڵێکی گەورەی بە پیاو داوە تەنیا ئافرەتی وەك ئامێرێکــی خزمەت کردنی ناو ماڵ هاتۆتە بەرچاوو بۆیە کاتێــك کە گەنجێك ژیانی هاوسەرگیری پێك دێنێت هەست دەکات ئەو ئافرەتە تەنیا بۆ خزمەتکردن دەیهێنێت، هەرچەندە بەشــێك لە پیاوان ئێســتا دەتوانن یارمەتی هاوسەرەکانیان بدەن، بەڵام بەو جۆرە نییــە کە بتوانرێ بەتەواوی ئەرك لەســەر شانی ژنەکەی کەم بکاتەوە» بەهزاد وتی » پێویســتە دایك و باوکان هەر لەو کاتەی کە منداڵەکانیان لە ژیانیان هەســت بە ئەو کەلوپەلانە دەکەن کە لە دەوروبەریان هەیە بیانپارێزن و یارمەتی دایکیان و خوشــکیان بدەن بۆ ئەوەی کە گــەورە بوون بەلایانەوە ئاسایی بێت و هەست نەکەن ئافرەت تەنیا بۆ کاری ناو ماڵەوە دروست کراوە».

ئا: سانە

# لێدانی منداڵ لەلایەن خێزانەوە

## تاچەند کاریگەری لەسەر کەسایەتی منداڵەکە هەیە لەداهاتوودا...؟

منداڵ بوونەوەرێکی ناسك و بێ تاوانە، زۆرجار هەڵە دەکات و هەرخۆیشی لە مانای هەڵەکە نازانێت، بەڵام لەجیاتی ئەوەی لەلایەن گەورەکانەوە هەڵەکانی بۆ شیبکرێتەوە ئەوا رووبەڕووی لێدان و هاوارو توندو تیژی دەبێتەوە ئەمەش لەداهاتوودا کاریگەری خراپ لەسەر کەسایەتی و تەندروستی منداڵەکە دروست دەکات .

### کاتێ براکەم لە منداڵەکانی دەدات هەست بەناڕەحەتییەکی زۆر دەکەم


جوان حەمەکەریم کچێکی تەمەن ٣٦ ساڵە شووی نەکردووە فەرمانبەرە، لەگەڵ ماڵی براکەی دەژییێت براکەی کرێکاری دەکات و خاوەن ٣ کوڕەو ئەم کچە هەست بە بێزارییەکی زۆر دەکات، لەدەست براکەی کە لەسەر بچووکترین هەڵە لەماڵەوە منداڵەکانی دەدات و دەیکاتە هاوارو لێدان بەسەریانەوەو دەڵێت» زۆر بێ تاقەت دەبم کاتێك ئەو منداڵانە بەم جۆرە دەبینم، لەبەر ئەوەی زۆر بچووکن، کوڕە گەورەکەی لەپۆلی دووەمی بنەڕەتییە، لەسەر پەرداخ شکاندنێك لەماڵەوە بەدەستی باوکیان ڕووبەڕووی لێدان دەبنەوە وایان لێهاتووە لە هەمووکەسێك دەترسن، بەجۆرێکی تر سەیری ئەو دنیایە دەکەن کە لەو تەمەنە بچووکەدا کەسێکی دڵخۆش دەبینن بڵێن خۆزگەمان بەخۆی، ئەمە وایکردووە، ئەو منداڵانە لەناو هەموو منداڵەکانی کۆڵان دیار بن و بەردەوام ترسێکیان هەیە لە دەورووبەریان، زۆر خەفت دەخۆم بۆ ئەو منداڵانە کە بەوجۆرە دەیانبینم و هیچم بۆ ناکرێت چونکە باوکیان بە هیچ جۆرێك بە قسەی من و دایکیان ناکات هەرچۆنێك قسە بکەم دەڵێت ئەوە منداڵی خۆمە پێویست ناکات کەس لەسەر چۆنییەتی پەروەردەکردنیان ئامۆژگاریم بکات»

### منداڵەکانم هەرگیز ناتوانن وەکو باوکیان ببن

ڕۆندك فەتاح ئافرەتێکی تەمەن ٤٣ ساڵەو خاوەن ٤ منداڵە بەوتەی خۆی ٢٤ ساڵە شووی کردووە دوای ساڵێك کوڕێکیان بووە، بەڵام ئەو منداڵە هەر لەسەرەتای تەمەنێکی بچووکەوە ڕووبەڕووی لێدان و هاواری باوك و مامەکانی بۆتەوە لەبەر ئەوەی ئەوان باوکیشیان هەر بەو جۆرە پەروەردەی کردبوون ئەو ئافرەتە دەڵێت» کوڕە گەورەکەم تاقانە بوو ڕووبەڕووی لێدان و هاواری باوکی بووەو لە ژیاندا، دوای ئەوە منداڵەکانم کە ئێستا تەمەنیان گەورەو بووەو خۆیان خاوەن ماڵ و منداڵن هەرگیز هەوڵیان نەداوە هەڵسوکەوتەکانی باوکیان دووبارە بکەنەوە بەرامبەر منداڵەکانیان».

### ناتوانم بیر لە منداڵی بکەمەوە

ئومێد شکور گەنجێکی خوێندکارە لە کولێژی ئاداب بەشی زمان دەڵێت» هەرگیز نامەوێ بیر لە منداڵیم بکەمەوە ڕاستەمنداڵی تەمەنێکی خۆشە، بەڵام ئەو یادگارییە ناخۆشانەشم دێنێتەوە یاد کاتێك باوکم نەمابوو لەلایان خاڵم پەروەردە کرام و کارم پێکراوە لەسەر هەڵەیەکی بچووك لێدانم خواردووە جەستەم ئازار دراوە بۆیە تاوەکو ئەمڕۆش هەست دەکەم کاردانەوەی لەسەرم هەیە من پێم باشە حکومەت بتوانێت یاسایەك دەربکات بۆ ئەوەی ڕێگر بێت لەو دایك و باوك و ئەو خێزانانەی کەمنداڵ تێیدا ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە»



### منداڵ بە لێدان فێری توندوتیژی دەبێت

سیروان مەحمودی توێژەری دەروونی دەڵێت» بەگشتی منداڵ لە قۆناغەکانی تەمەنیدا پێویستی بە پەروەردەیەکی ڕاستە کە لە لایەن ئەو خێزانەی کە تیایدا دەژییێت بۆی بەرجەستە بکرێت بە مەرجێك هەموو بنەماکانی پەروەردە لە خۆ بگرێت و پەروەردەیکی نەرم و نیان بێت، ئەگەر بەپێچەوانەی ئەمەوە هەر خێزانێك یان بڵێین هەر دایك و باوکێك یا هەر ئەندامێکی تری خێزانێك لایەنەکانی تری پەروەردە بەهەڵە بەرامبەرمنداڵەکانیان بەکار بهێنن لەوانەش لێدان وەك سزایەك هەمیشە بەسەریاندا بسەپێنن، بەو جۆرە لە داهاتووی پێگەیشتنی تەمەندا کاریگەرییەکی خراپ بەسەر هەست و دەروونی منداڵەکە جێ دەهێڵێت، چونکە منداڵ هەر لەسەرەتای تەمەنییەوە بە لاسایی کردنەوە فێر دەبێت، لە ڕاستیدا دەبێت بڵێین کەوا منداڵ بە لێدان فێری لێدان و دەست وەشاندن وتوندوتیژی دەبێت لەنێو کۆمەڵدا بەتاکێکی شەڕانگێز لە قەڵەم دەدرێت، لە هەمان کاتدا بە دەربڕینی توندوتیژی لە ئاستی منداڵەکە وای لێدێت ئەویش فێری توندوتیژی ببێت لەگەڵ دەوروبەرەکەی خۆی» بۆیە پێویستە دایك و باوك دڵسۆزانە مامەڵە لەگەڵ ئەو دەروونە ناسکەدا بکەن، ئیتر بەو هەموو هەڵەیەی خۆیان مناڵە جوانەکانیان نەکەن بە ئەندامێکی ناتەندروستی نێو کۆمەڵگا.

### متمانە بەکەسایەتی خۆیان لەدەست دەدەن

توێژەری کۆمەڵایەتی بەهزاد محەمەد لە بارەی لێدان لە منداڵ دەڵێت» ئەو دایك و باوکەی کاتێك لەسەر هەڵەکانی منداڵەکانیان بە لێدان سزای منداڵ دەدەنەوە پێویستە بیر لەوە بکەنەوە ئایا چ هەڵەیەك دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئەو منداڵەی بە لێدان سزا بدرێت، چونکە ئەو لێدانە کاریگەری لەسەر کەسایەتی ئەو منداڵە دروست دەکات و تووشی ترسێکی بەردەوامی دەکات بەرامبەر تاکەکانی کومەڵگاو تاوەکو متمانەی بەخۆی نامێنێت و زوو دەتوانرێت کەسایەتی کۆنترۆڵ بکرێت لەلایان کەسانێك کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان بێنن و هەروەها ناتوانن پێوەندیەکی بەهێزیان هەبێت لەگەڵ تاکەکانی ناو کۆمەڵگە و ناتوانن خۆ ڕاگربن و بەرەنگاری ئەو کێشانە ببنەوە کە لە داهاتوودا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە چونکە بەردەوام کەسانێکی هەڵچوو تورەیان لێ دروست دەبن»